□ ئێستا لەهەموو پارچەکانی کوردستان ئافرەتانی کورد لەگۆڕەپانی هونەری گۆرانی و موزیکدا بەشێوەیەکی زۆر بەرچاو بوونیان هەیە و خزمـــەت بەهونەری کوردی دەکەن، ئەگەرچـــی ڕەنگە لێرە و لـــەوێ هەندێك لەوانە دەرکەوتنیان وەکو پێویســـت نەبێت یان وەك هەندێك کـــەس پێیانوایە لەزۆر ڕووەوە خزمەت بەهونەری کوردی ناگەیەنن، ئەڤین بەیاز یەکێکە لەو خانمە هونەرمەندانەی کە هەوڵیـــداوە لەڕێگای هونەرەکەیەوە پەیامێك پێشـــکەش بکات ئەویش خزمـــەت کردنە بەهونەری کوردی، ئەڤیـــن خاوەن بنەما پێویستەکانی هونەرییە کە پێویستە بۆ بوونی هەر هونەرمەندێك ئەگەر پێ بنێتە ئەم بـــوارەوە، لەدەرفەتێکدا چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد کە بەم شـــێوەیە وەڵامی داینەوە.□



## ئەڤین بەیاز:

# ڕەسەنایەتی هونەری کوردی وەکو پێویست ناپارێزرێ

دیمانە/ خەلیل بلەیی

*** بێجگە لەشێوەزاری کرمانجی بەزازاکی و سۆرانی گۆرانیت وتووە؟**

- نەخێر تا ئێستا من تەنیا بەکرمانجی گۆرانیم وتووە، بەڵام لەبەرنامەمدایە لەئاییندەدا بەسۆرانی و زازاکیش گۆرانی بڵێم، هۆکاری نە وتنەکەشم بۆ نەبوونی دەرفەتێکی گونجاو دەگەڕێتەوە لەهەموو لایەکەوە، چونکە دەبێ ئەو دەرفەتەم هەبێ واتە دەبێ تێکست و ئاوازێکی ئەوتۆم هەبێ کە بتوانم بەجوانی بڵێم و سەرکەوتوو بم، نەك تەنیا وتن و دەرکەوتن بێت.

*** وەك ئافرەتێك، لەئێستادا بوونی ئافرەتی کورد لەبواری هونەریدا چۆن دەبینی؟**

-من بەشێوەیەکی گشتی باس دەکەم ئەگەر ئافرەتانی کورد لەگەڵ پیاوەکان بەراورد بکەی بە لەبەرچاو گرتنی هەموو لایەك، ئەوا بەڕای خۆم ئافرەتە هونەرمەندەکان سەرکەوتووترن.

***ئەی ئەگەر باس لەهونەری کوردی بەگشتی بکەین لەچ ئاستێکدایە؟**

- کەموکوڕیەکان زۆرن، بەڵام سەرەڕای ئەم هەموو کەموکوڕی و ئاستەنگانەی کە دێنە سەر ڕێگا، کار و بەرهەمی سەرکەوتووش پێشکەش دەکرێت، ڕۆژ دوای ڕۆژ ژمارەی هونەرمەندان زیاتر دەبێت لەهەمان کاتدا شێوازی موزیکی نوێتر دێتە بوون، ئەم کارە بەردەوام و تێکەڵاوی و ڕەنگاوڕەنگییەش خۆی لەخۆیدا دەبێتە هۆکارێك بۆ پێشخستنی هونەری گۆرانی و موزیکی کوردی بۆ پلەیەکی بەرزتر لەوەی کە ئێستا هەیە.

***زۆر لەگۆرانی و بەرهەمی فۆلکلۆر و کۆنی گۆرانیبێژە نەمرەکان بەشێوازی جیاجیا نوێ دەکرێنەوە لەهەموو پارچەکانی کوردستان، ڕات چییە سەبارەت بەم دیاردەیە؟**

-ڕاستە من خۆیشم زۆر گرنگی بەو لایەنە دەدەم، چونکە لەنێو گۆرانییەکانی مندا گۆرانی هونەرمەندانی دیکە نییە و هەمووی گۆرانی تایبەتی خۆمە، هەموو تێکست ئاوازەکانی نوێن، لەئەلبوومی یەکەممدا تێکستی چوار لەگۆرانییەکان هی خۆم بوو، لەئەلبوومی پێشوومدا هیچ ئاواز و تێکستی منی تێدا نییە، لەئەلبوومی نوێمدا هیچ ئاواز و تێکستی منی تێدا نییە، بەڵام هەموویان تێکست و ئاوازی نوێن هیچی فۆلکلۆر و هی هونەرمەندە نەمرەکان نین.

***بەڕای تۆ هونەرمەندانی کورد توانیویانە ڕەسەنایەتی هونەری کوردی بپارێزن؟**

- ئەگەر بەڕاشکاوی قسە بکەم (بێگومان ئەمە ڕای تایبەتی خۆمە) ڕەسەنایەتی گۆرانی و موزیکی کوردی وەك پێویست ناپارێزرێ، بۆ ئەم مەبەستەش واتە پاراستنی ڕەسەنایەتی هونەری کوردی پێموایە پێویستی بەخوێندن و زانینی ئەدەبیات و موزیکی هەیە، ئەوەی من تێبینیم کردبێت ئەم کارە تا ئێستا لەلایەن هونەرمەندی کورد نیزامەدین ئارەج ئەنجامدراوە کە هەوڵیداوە بەهەموو شێوەیەك ڕەسەنایەتی هونەری کوردی بپارێزێ.

*** لەگەڵ گرووپ گۆرانیت وتووە؟**

-بەڵێ بەمنداڵی من لەگەڵ گرووپێکی موزیکی منداڵان گۆرانیم وتووە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی حەز ناکەم لەگەڵ گرووپ گۆرانی بڵێم.

***بەڕای تۆ جوانی تا چەند گرنگە بۆ سەرکەوتنی ئافرەتە هونەرمەندەکان؟**

- من پێموایە جوانی گرنگییەکی ئەتۆی نییە، ڕەنگە تا ڕادەیەك ڕۆڵی هەبێت، بەڵام ئەوەی گرنگە بۆ هەر هونەرمەندێك جا ئافرەت بێت یان پیاو بوونی بناغەیەکی هونەری پتەوە واتە دەنگ و ئەدا و چۆنیەتی پێشکەش کردنی گۆرانییە بەو شێوەیەی کە مافی تێکست و ئاوازەکە بدات.

***پێوەندیت لەگەڵ هونەرمەندانی دیکە چۆنە؟**

- پێوەندیم زۆر ئاساییە لەگەڵ هەموو هونەرمەندان، بەڵام دەتوانم بڵێم پێوەندیم لەگەڵ هونەرمەندانی باکووری کوردستان باشترە.

*** سەبارەت بەکلیپی کوردی چی دەڵێی؟**

- تا ڕادەیەکی باشە، بەڵام پێموایە دەکرێ کاری جوانتر و باشتر پێشکەش بکرێ، چونکە ئێمە خاوەن توانای زیاترین لەهەموو بوارەکانی تایبەت بەکلیپ و گۆرانی.

*** پێتوایە تورك و عەرەب و فارس سوودیان لەهونەری کوردی وەرگرتووە زیاتر لەئێمە؟**

-بەڵێ تورك و فارس و عەرەب هونەری کوردی دەدزن، ئێمە دەتوانین ئەو بەرهەمە کوردیانە بگەڕێنینەوە کە پێشتر ئێمە خاوەنیان بووین و ئێستا کەسانی دیکە لەهونەر و ئەدەبیاتی خۆیاندا سوودی لێ دەبینن و بە بەرهەمی خۆیان پێشکەشی دەکەن و ئاماژە بۆ ئەوە ناکەن کە لەکوردی وەرگیراوە، ئێمە بەخوێندن و فێربوونی زمان و مێژوو و ئەدەبی خۆمان و بە بەرزکردنەوەی ئاستی وشیاری نەتەوەیی لەنێو ڕۆڵە و نەوەکانی داهاتووماندا دەتوانین بۆیان ڕوون بکەینەوە کە بەشێکی زۆر لەکلتوور و هونەری ئێمە دزراوە، ئەمەش پێویستی بەهاوکاری و یەکگرتنی نێوان ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد هەیە.

*** کاری داهاتووت چییە؟**

-ئێستا خەریکی خۆ ئامادە کردنم بۆ ئەلبوومێکی نوێ و دوای ئەوەی کارەکانی تەواو دەبێت پێشبینی دەکەم لەماوەی سێ مانگی داهاتوودا ئەم ئەلبوومە نوێیەم بڵاوبکرێتەوە کە ژمارەیەك گۆرانی نوێ لەخۆ دەگرێت.





# ئارنۆڵد و ڕامبۆ بەیەکەوە نەشتەرگەریان ئەنجامدا

وارێکەوت هەر یەکە لەئەستێرەی سینەمایی ئارنۆڵد شوارزنیگەر و سیلڤستەر ستالۆن بەیەکەوە و لەیەك نەخۆشخانە نەشتەرگەرییەکی هاوشێوە لەشانیان ئەنجام بدەن.

بەپێی میدیاکانی ئەمریکا کە وێنەیەکی هەردوو ئەستێرەی سینەمایان بڵاو کردبۆوە هەردووکیان نەشتەرگەری شانیان بۆ ئەنجامدرا و یەکەم جار ئارنۆڵد چووە ژووری نەشتەرگەرییەوە دواتر ڕامبۆ چاوەڕێی دەکرد تا نۆرەی دێ، چونکە ئەویش لەهەمان ژوور و لەسەر دەستی هەمان پزیشك نەشتەرگەری ئەنجامدا، ئارنۆڵد دەربارەی نەشتەرگەرییەکە گوتی: دوای ئەو هەموو ماندوو بوونە جەستەییە و وێنەگرتن و ئەو هەموو جوڵانەوانەی کە لەسەر شاشە ئەنجامەمدا ئێستا کاتی ئەوە هاتووە گرنگی بەدەست و شانەکانی خۆمان بدەین، واش ڕێکەوت کە ئێمە هەردووکمان لەیەك شوێن نەشتەرگەری ئەنجام بدەین ئەمەش ڕێکەوتێکی خۆشە بەلای منەوە، چونکە دوای ماوەیەکی دیکە بەشداری لەفیلمی (گۆڕ) دەکەین.



## دەشنێ:
## حەسوودی لەنێو پیاوان زیاتر هەیە



دەشنێ مورادی پێیوایە غیرە حەسوودی شتێکە هەیە لای هەموو کەسێك، بەڵام لەنێو پیاوان زیاترە، دەشنێ لەپێوەندییەکیدا لەگەڵ گوڵان دەڵێ: حەسادەت لەکوردستان زۆرە بەتایبەتی هەست دەکەم لەنێو پیاوان زیاترە وەك لەنێو ئافرەتان، دەشنێ دانی بەوەش نا کە خۆیشی جۆرێك لەحەسوودی هەیە کە زیاتر لەڕەخنەوە نزیکە، لەم بارەیەوە دەڵێ: لەناخی منیشدا حەسادەت هەیە، بەڵام حەسادەتێك کە ببێتە هۆی درووستبوون واتە بونیادنەر و پۆزەتیڤ نەك ڕووخێنەر.

شیاوی ئاماژە پێکردنە دەشنێ ئێستا سەرقاڵی تۆمار کردنی چەند ئەڵقەیەکی بەرنامەی (شەپۆڵەکانی ژیان)ە کە لەشاشەی سەتەلایتی کوردستان پێشکەش دەکرێت و بەر لەماوەیەك ئەڵقەی یەکەمی بەرنامەکەی پێشکەش کرا کە تایبەت بوو بەپاراستنی ژینگە و وشیارکردنەوەی زیاتری هاووڵاتیان بەگرنگی و چۆنیەتی پاك ڕاگرتنی ژینگەی کوردستان.

# ئۆسکاریش گرفتی سپۆنسەری هەبوو



ماوەی زیاتر لە١٠ ساڵ دەبێت ساڵانە ئاهەنگی دابەشکردنی خەڵاتەکانی ئۆسکار لەسەر تەختەی شانۆی (کۆداك) ئەنجام دەدرێت.

ئەم شانۆیە لەساڵی ٢٠٠١ کرایەوە و لەو ساڵەوە بەردەوام لەو هۆڵە ئاهەنگەکە ئەنجام دەدرێت، بەڵام لەسەرەتای ئەم ساڵەوە کۆمپانیای کۆداك ئیفلاس بوونی خۆی ڕاگەیاندووە بەمەش توانای چاودێری و سپۆنسەری گەورەترین ڕووداوی سینەمایی جیهانی نامێنێت، چونکە دوای ئیفلاس بوونی کۆمپانیاکە دادگا فەرمانێکی دەرکردووە بەگۆڕینی ناوی ئەو شانۆیەی کە شوێنی ٣٣٠٠ کەسی تێدا دەبێتەوە بەمەش لەخولی ٨٤مینی دابەشکردنی خەڵاتەکانی ئۆسکار هۆڵەکە هەمان ناوی نامێنێت و ناوێکی دیکەی بۆ دیاری دەکرێت.


# شیرین بەخۆڕایی گۆرانی ناڵێت

خانمە گۆرانیبێژی میسری شیرین عەبدولوەهاب ئامادە نییە بەخۆڕایی گۆرانی بڵێت و ئەو بانگهێشتنامەی ڕەتکردەوە کە نەقیبی هونەرمەندانی میسری بۆیان ناردبوو بۆ بەشداری کردن لەچەند ئاهەنگێکی خێرخوازی لەلایەن ئەندامانی سەندیکای هونەرمەندانی میسر.

لەمبارەیەوە نەقیبی کارە مۆسیقییەکانی میسر ڕایگەیاند کە شیرین ڕازی نییە بەشداری لەئاهەنگێکدا بکات کە داهاتەکەی بۆ سەندیکا بگەڕێتەوە تەنانەت ئەگەر ئاهەنگەکە خێرخوازیش بێت، نەقیبی سەندیکای ناوبراو دەربارەی ئەو ئیجرائاتانەی کە دەربارەی شیرین دەگیرێنە بەر گوتی: ئێمە ناتوانین هیچ ئیجرائاتێك دژی هیچ هونەرمەندێك بکەین، چونکە ئەمە کارێکە هونەرمەند بەویستی خۆی ئەنجامی دەدات و دەتوانێت بەشداری بکات یان نەکات، هونەرمەند خۆی ئازادە کە بەشداری بکات یان ڕەتی بکاتەوە، من خۆم زۆرم حەز دەکرد شیرین بەشداری بکات، چونکە بەتوانایە و ئەگەر شیرین ئامادەش نەبێت، ئەوا چەندین هونەرمەندی دیکە بەسوپاسەوە ئامادەن بەشداری بکەن و گۆرانی بڵێن.



# جۆرج کلۆنی خەوی نییە



دیاردەی کەم خەوی یان نەخەوتن یەکێکە لەو دیاردانەی کە ئەستێرەی سینەمایی ناوداری جیهانی جۆرج کلۆنی بەدەستییەوە دەناڵێنێت.

بەپێی لێدوانەکانی خۆی بۆ ڕۆژنامەی (هۆلیۆد ڕیپۆرتەر) کە تایبەتە بەهەواڵی سینەمایی، کلۆنی ڕایگەیاندووە کە خەو نەهاتن یان نە خەوتن یەکێکە لەو گرفتانەی کە بەدەستییەوە دەناڵێنێت و زۆر جاریش هەر بەهۆی ئەو نەخۆشییەوە هەست بەتەنیایی دەکات بەتایبەتی لەبۆنە گشتییەکاندا، کلۆنی ئاماژەی بەوە کرد کە شەوانە پێنج جار لەخەو هەڵدەستێت، هەرچەندە شەوانە کاتژمێرێك دەخەوێت و تەلەفزیۆنەکەشی ناکوژێنێتەوە بۆئەوەی لەبەر دەنگی تەلەفزیۆن لەخەو هەستێتەوە، هەروەها کلۆنی بەرۆژنامەی ناوبراوی ڕاگەیاند: هێشتنەوەی تەلەفزیۆن بەکراوەیی وای لێدەکات بیر بکاتەوە، بەڵام هەر کاتێك بیرم کردەوە تووشی زەحمەتییەکی زۆر دەبم تاکو بخەوم، کلۆنی ئەوەشی نەشاردەوە کە زۆر جار ئەم دیاردەی نەخەوتنەی وای لێدەکات بیر لەفیلمەکانی بکاتەوە و دەڵێت: شەوێکیان لەخەو هەستام و دیمەنێکی تەواوی فیلمم نووسیوە.

# فەرهەنگ غەفور: ئەگەر هەر لەخەو دابین ئـــ

دیمانە/ خەلیل بلەی

**گروپــی نەوای هەولێر بەیەکــەم بەرهەمی خۆی چەند گۆرانییەکی ڕەســەنی کوردی بەشــێوازێکی نوێ زیندوو کردەوە و بەیەکێك لەسەرکەوتووترین و پڕ فرۆشترین بەرهەمەکانی ساڵی ٢٠١١ دانرا، ئێستاش گرووپی ناوبراو خۆی ئامادە دەکات بۆ بڵاوکردنەوەی بەرهەمێکی نوێ بەهەمان ڕێچکەی بەرهەمی یەکەم، بۆ باســکردنی کاری نوێیان مامۆســتا فەرهەنگ غەفور بەم شێوەیە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

**جەماوەر تینووی گۆرانی ڕەسەنە**

فەرهەنگ غەفور پێشبینی ئەو پێشوازییەی دەکرد کە لەیەکــەم بەرهەمی نەوای هەولێــر کرا و دەڵێ: هەر کارێکی هونــەری بەر لەبڵاوبوونەوەی کۆمەڵێك شــت لەخۆی هەڵدەگــرێ، لەو شــاکارە هونەرییەی کــە یەکەم بەرهەمــی نەوای هەولێر بــوو، توانیمان چەنــد گۆرانیەکی فۆلکلۆری ڕەســەن نوێبکەینەوە بەشێوازێکی پرۆفیشناڵ، ئەمەش خۆی لەخۆیدا ئەوە دەگەیەنێ موزیکی کوردی پڕە لەشاکار، هونەرمەند کە کارێــك بڵاودەکاتەوە هەمیشــە نیگەرانە لەوەی ئایــا دەتوانێ جەماوەر لەخۆی کۆبکاتەوە یان نا، من پێشبینی ئەو ســەرکەوتنەم دەکرد، چونکە ساڵانێکە دەبینم جەمــاوەر تینوی ئــەو گۆرانیانەیە کە زووتر دەگەنە گوێچکەی، لەمنداڵێکەوە بگرە تا هونەرمەندە بەتەمەنەکانیش.

هــەر کارێکی هونەری کــە لەگوێچکەی باب و باپیرانەوە لەدەمی ئەوانەوە گوێبیســتی بووین، خۆی لەخۆیــدا کۆمەڵێك یــادگاری هەڵدەگرێ. ئەمەش بەشێکی دیکەی قســەکانی هونەرمەند فەرهەنگ غەفورە و پێیوایە هەمیشــە مرۆڤ بەحەز و تاسەوە گوێ لەو یادگاریانە دەگرێت و تەماشایان دەکات ئەمــەش ئــەوە دەگەیەنێــت گەنجی ئەمڕۆ زۆر بەئینتیماوە گوێ لەگۆرانی ڕەسەن دەگرێت.

مامۆستا فەرهەنگ غەفور زیاتر دەڵێ:

- زۆر جــار گلەیی ئەوەمان لێکــراوە کە بۆچی بە بەرهەمێکی خۆتانەوە دەســتتان پــێ نەکرد و بە بەرهەمی فۆلکلۆر دەســتتان پێکرد؟ بۆچی گەنجی ئێستا حەزی گوێگرتنی لەگۆرانی کوردی کەم بووە؟ ئەم ســەردەمە وایکردووە بەهۆی میوزیکی بیانی و عەرەبی و تورکی و فارســی ئینتیمای نیشتیمانیان لاواز بێت، ڕاستە ئێمە هەموومان لەمنداڵیەوە گوێ لەو گۆرانیانە دەگرین، بەڵام مانای ئەوە نییە مۆسیقای خۆمان قوربانی مۆسیقای دنیا بکەین، چونکە ئەگەر

> **بۆچی گەنجی ئێستا حەزی گوێگرتنی لەگۆرانی کوردی کەم بووە**

شتێك هەبێ شانازی پێوە بکەین مۆسیقاو گۆرانیمانە، بۆیە پێویســت بوو لەبەشــێك گلەیــی و گازاندەی جەمــاوەر دووربکەوینەوە بەوەی کە بەڕاســتی خەڵك پێویستی بەســەمایەك نییە وەك ئەوەی تینویەتی بە هەڵپەرکێیەك دەشکێ، ئەگەر سەیر بکەین لەسەیران و گەشتەکان نابینین کەسێك سەمایەك جگە لەسەمای کوردی بــکات، بۆیە پێویســتە ئەو گۆرانیانەی لە دێر

زەمانــەوە وەکو میلــۆدی پارێزراوە و بــەرەو نەمان دەچن، نوێ بکرێنەوە. چونکە خەڵك دەگاتە تەمەنێك پێویســتە گوێ لــەو گۆرانیانە بگرێت، تائێســتا چەندین میلۆدیمان هەیە ڕەنگە گەنجێك یان منداڵێك گوێبیستی نەبووە.

لێرەو و لەوێ باس لەدەســتێك دەکرێت کە دەیەوێ هونەری ڕەســەنی کوردی لەناو ببــات، هونەرمەند فەرهەنــگ پێیوایە تــا ئێمە لەخەودابیــن ناحەزوو دوژمنانــی کــورد چاویــان لەکەلتــوری ئێمەیە و بەدزینیان پێمان دەوەستن، ڕەنگە تیرۆریستێك نەتوانێت بەرێگایەکی ســەربازی بمانکوژێ، بۆیە پێویســتە حکومەتی هەرێم هەمیشــە بەچاوێکی هەســتیارانە تەماشــای ئەو گۆرانیانە بکات کــە وەکو بناغەی هونــەری ماونەتــەوە، زۆرجار لەکۆڕ و ســیمینارە هونەریەکان دەڵێین فلان گۆرانی تورکیە یان عەرەبیە، بۆیە خەریکە خۆشمان لێمان دەشێوێ.

ســەبارەت بەوەی کە بۆچی لەبەرهەمی یەکەمدا گۆرانییە ڕەســەنەکان بەیەك تراك پێشکەشــکران و ئایا باشــتر نەبوو دابەشــی بکەن بۆسەر دوو بەرهەم و لەجیاتــی کۆپلەیەك دوو کۆپلە یان تەواو بیلێنەوە؟ مامۆســتا فەرهەنــگ دەڵێ: زۆرجار ئەو قســەیە دەگوتــرێ هەروەك چۆن دەڵێی ئێمــە هیوامان زۆرە وەك دەڵێی (هەرچەند دەکەم ئەو خەیاڵەی پێی مەستم بۆم نایەتە ژێر هەســتم) ئێمە کەمی ڤیتامینمان زۆرە پێوستیمان بەو کۆکتێلە هەبوو وەك چۆن دەڵێی حەزوو ئامانجەکانیشــمان ناپێکێ و پێویستیمان بەکۆمەڵێك شــتی دیکەش هەیە، هــەر گۆرانیەك بەشــاکارێك لەشاکارەکان بکەیت یەك ســەمفۆنیای گەورەی لێ دروست دەبێت، هەر مۆسیقارێکی گەورەی دنیا لەسەر مۆتیڤە کۆنەکانی خۆی کاری کردووە بۆیە پێویســتە ئەو مۆتیــڤ و میلۆدیانە کا ر ی



# ـــــەوا دوژمنان بەدزینی کەلتور پێمان دەوێرن

باشتری لەسەر بکرێت، ئێمە تا ئێستا کێشەی کەمی دانەری مۆسیقامان هەیە کە هێشتا لامان دروست نەبووە ڕەنگە ناوە ناوە چەند میلۆدیەك ئەنجام دەدرێت، بەڵام ناچێتە قاڵبی داهێنان و دروستکردنی ئاواز، ناڵێم کەس نییە، بەڵکو کەسی نمونەیی نییە لەم بوارە، بەڵام بەپەنجەی دەست دەژمێردرێن.

سەبارەت بەهونەرمەند ئاڤان عوسمان کە خەڵکی شاری سلێمانییە و ئەندامی گروپی نەوای هەولێرە مامۆستا فەرهەنگ دەڵێ: ڕۆڵی ئافرەت لەشارێکەوە بۆ شارێکی تر جیاوازە، بۆنموونە سلێمانی ڕۆڵی ئافرەتی تێدا زیاترە وەك ئەوەی لەشوێنەکانی دیکە هەیە، هەمیشە لەهەولێر کچان زۆر بەکزی دەردەکەون، توانستی باش هەیە، بەڵام نایەنە سەر شاشەو خۆیان بەدەر بخەن، گۆرانی کوردی دوو دەنگی هەیە دەنگی نێر و دەنگی مێ، بۆیە پێویستە تاکو لەیەك دەنگدا هەردووکی دەربکەون زیاتر بەو دەنگە خراونەتە بەر گوێچکە، زۆر ئافرەتمان هەیە نەیتوانیوە توانای خۆی دەربخات، ئەگەر تەماشا بکەین ئەو سکێڵانەی لەدەنگی ئافرەت دا هەیە زۆر جیاوازە لەگەڵ ئەوانەی پیاو، بۆیە من وای دەبینم دوێت زۆر گرنگە، چونکە پەیژەی پیاو لەگەڵ ئافرەت زۆر جیاوازە.

لەکۆتاییدا سەبارەت بە بەرهەمی داهاتوویان مامۆستای هونەرمەند فەرهەنگ غەفور دەڵێ: بەرهەمی داهاتووشمان وەکو سۆلۆ جیاوازی هەیە، بەڵام وەکو ئەدا هەر من و ئاڤانین، پێم خۆشە دوای گوێ لێ بوون ڕەخنە هەبێ، بۆئەوەی بتوانین لەرێگەی ئەو ڕەخنەوە کاری باشتر و شتی باشتر ئەنجام بدەین، چونکە ڕەخنە دەبێتە هۆی بنیادنانی شتی جوانتر، واباشە هەمیشە هەڵسەنگاندن هەبێ بۆهەموو بەرهەمێکی هونەری، هەروەها لەبەرهەمی نوێمدا هەوڵم داوە کەئەو گۆرانیانەی بەکوردی و تورکی عەرەبی هەیە کۆ بکەمەوە، من ناڵێم ئەوانە هەموو کوردین، بەڵام بەکوردی گوێمان لێ بووە، بۆیە ساخکردنەوەی پێویستی بەکۆمەڵێك دانیشتن و کۆڕی هونەری هەیە، بۆیە کە لەسەردەمێکدا وەکو ڕستە مۆسیقایەك گوتراوە بتوانێ لەرێگەی شیتەڵ کردن و شیکردنەوەی بیسەلمێنی کە کوردین.

هەندێك لەو میلۆدیانەی بەکوردی کراوە بەعەرەبی و تورکیش گوێمان لێ بووە، بۆنموونە شاکاری (کە دەڵێین ئەمرۆ دەشت و کێو شینە) بەعەرەبی و تورکیش گوێمان لێ بووە، ئێستا لەمامۆستایەکی کۆنی مۆسیقای کوردی بپرسە دەڵێ کوردیە، بەڵام سەلماندن شەرتە ئایا ئاوازەکەی کوردیە یان شیعرەکەی یان ئادایەکەی یان گۆرانیەکە یان لەکوێوە هاتووە، کوردستانی خۆمان وەکو نموونە وەربگرین لەگەڵ باکوور چۆن پردێك هەبێ بۆپەڕینەوە، لەدێر زەمانەوە گوێمان لێ دەبێ ڕەنگە باب و باپیرانمان گوێیان لێ بووە بەکوردی و بڵێن کوردیە، پێویستە بەشێکارێکی هونەری بیسەلمێنی کوردیە، بۆیە من دەڵێم زیندووکردنەوەی بەرهەمە کۆنەکان زۆر گرنگە، چونکە سەردەمێك دێت توێژینەوەی زانستی یان ئەکادیمی لەسەر ئەنجام دەدرێت بۆئەوەی

**لەهەولێر کچان زۆر بەکزی دەردەکەون، توانستی باش هەیە، بەڵام نایەنە سەر شاشەو خۆیان بەدەر بخەن**

لەفەوتان ڕزگاربکرێن، زۆر جار لەکۆڕ و کۆبوونەوەکان گۆرانیەك بڵێی گەنجێك هەڵدەستێتەوە دەڵێ مامۆستا ئەوە تورکیە، بەڵام سەلماندنەکەی گرنگە ڕەنگە پێش ئەوەی بەتورکی گوترابێ بەکوردی گوترابێ، بەڵام چونکە هونەری کوردی هیچ ئەرشیفێکی نەبووە گەرِیدەیەك هاتووە و تۆماری کردووە، کەزانیویەتی هونەری کوردی بێ ئەرشیفە بردویەتی بۆ وڵاتەکەی خۆی، کورد هەمیشە ڕەوەند و ماڵی وێران بووە، ئەمەش وایکردووە ئەو گۆرانیانە بفەوتێن، ئێستا زەمینە لەبارە بەتایبەتی لەهەرێمی کوردستان، بۆیە دەبێ پەیمانگا و کۆلێژی هونەرە جوانەکان و ئەو گەنجانەی لەو دەزگا مۆسیقایانە کاردەکەن ئەرشیفێك دانێن.







## مەهناز کرماشانی:

# جوانییەکانی ژیان لە ئافرەت ڕەنگ دەداتەوە

## من مەقام بێژ نیم مەقامات قوتابخانەیەکی گەورەیە



**کچێکی ڕۆح سووك و بەتوانایە لەبواری میدیادا بەتایبەتی کاری بێژەر و پێشکەشکردنی بەرنامەکان، هەرچەندە بەرێکەوت ڕووی لەو بوارە کرد، بەڵام ئەو ڕێکەوتە دەرگاکانی بۆ کردەوە تاکو تواناکانی دەربکەون، بۆیە لەچەندین بواری ڕادیۆییدا کاری کرد و بەرنامەی جۆراوجۆری پێشکەش کرد، دواتر ڕووی لەگۆرانی وتن کرد و ئێستاش بەردەوامە، وەك خۆی دەڵێ ژیانم چەندین وێستگەی جیاجیای تێدایە، لەپێوەندییەکدا بەمشێوەیە وەڵامی چەند پرسیارێکی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.**





***یەکەمجار کاری بێژەریت کرد یان گۆرانی گوتن؟**

- دوای هاتنم بۆ وڵاتی سوید بۆ یەکەمجار کاری بێژەری ئاهەنگێکم پێ سپێردرا، هەر لەو ئاهەنگەدابوو پێشنیارێکیان پێشکەش کرد بەوەی کاری بێژەری بکەم لەرادیۆی کوردستان لەیۆتۆبۆری، ئەمە دەرگایەکی تازەی لەژیانی مندا کردەوە بتوانم خزمەتێک بکەم. هەربۆیە ڕازی بووم، بەڵام من هەر لەتەمەنی منداڵیمەوە کاری هونەریم کردووە بەتایبەتی گۆرانی وتن.

*** لەرادیۆ چ بەرنامەیەکت پێشکەش کرد؟**

-بەرنامەکانم تایبەت نین بەبوارێکی دیاریکراو، ئەو بەرنامانەی تا ئێستا پێشکەشم کردوون لەبوارەکانی سیاسی، هونەری، کۆمەڵایەتی بوون، بەڵام خۆم زیاتر ئارەزووم لەبەرنامە هونەرییەکانە.

*** تاچەند توانیوتە لەرێگای ڕادیۆی سویدی باس لەکێشەکانی ئافرەت بکەیت لەدەرەوە؟**

-بێگومان کێشەی ئافرەت لەهەر بوارێکدا بێت پێویستە ئێمە بەرچاوڕوونی بدەین و بیخەینە بەر دیدەو گوێی گوێگران و ئەو کەسانەی کە لەم بوارەدا کار دەکەن، بۆیە لەرێگەی چەند بەرنامەیەکی ڕادیۆییەوە، توانیومە ئەو بابەتانەی کە کێشەی کۆمەڵایەتین و لەهەناوی کۆمەڵگەدا لەدایک دەبن، هەمیشە دەبێتە حاڵەتێکی نامۆ و خراپ بەرامبەر بەکۆمەڵگە، ئێمە ڕۆشنایی بخەینە سەر و بۆ ئەو مەبەستەش کەسانێک بێنین بیکەینە میوان لەرێگەی دیالۆگێکی کراوە بۆئەوەی گوێگرانمان زیاتر سوودی لێوەربگرن، هەروەها گرنگییەکی زۆرمان بەم بوارە داوە و هەوڵمانداوە کێشەی ئافرەت بگەیەنین و بیکەینە پەیامێک بۆ دەسەڵاتداران و بۆ ئەوانەی کە هەست بەبوونی مرۆڤایەتی دەکەن.

*** ڕات چۆنە بەرامبەر بە بێژەرەکانی کوردستان؟**

- بێژەرەکانی کوردستان توانیویانە لەم قۆناغەدا تەکانێک بدەن بەبوارەکە، ناکرێت من تەنیا ئاماژە بەبێژەرێک بدەم، بەڵام هەست دەکەم بێژەرەکانی ئەم قۆناغە جیاوازتر هاتوونەتە نێو بوارەکەوە، بۆ نموونە لەنەوەدەکان ڕەنگە بێژەری بەترسەوەبێت بەتایبەت ئافرەت بێتە سەر شاشە یان لەرێگەی مایکەوە بتوانێت پەیامەکەی خۆی بگەیەنێت لەترسی کۆمەڵگە، جێگەی دەست خۆشییەکی زۆرە بۆ ئەو کەسانەی کە لەو کاتەدا توانیویانە بەسەر ئەو کۆسپ و تەگەرانەدا زاڵ بن و ببنە پێشەنگی نەوەکانی دوای خۆیان، بەڵام لە ٢٠٠٠ بەدواوە هەست دەکەین لەکوردستان تا ئێستا ڕێژەی بێژەر زیادی کردووە، ئەمەش واتە جورئەت و خۆشەویستییەک بۆ کارەکەیان هەیە، بۆیە بەشێوەیەکی گشتی گەشبینم بەئایندەی بێژەری لەکوردستان، هەروەک ماوەیەک بەر لەئێستا باس لەمە کرا کە کۆمەڵێک دادەمەزرێت بۆ بێژەرانی کوردستان، منیش لێرەوە پەیامی خۆم دەگەیەنمە ئەو کۆمەڵەیە کە بوونی هەبێت تاوەکو بەشێوەیەکی ئەکادیمی و زانستی پەرە بەو بوارەی خۆیان بدەن.

*** لەگوتنی مەقامدا چۆنی؟**

- مەقام قوتابخانەیەکی ئێجگار گەورەیە، ڕابردوویەکی زۆری هەیە، هونەرمەندە گەورەکانمان توانیویانە ئەو قوتابخانەیە دروست بکەن، بۆیە گوناهە ئەو کەسانەی کە لەسەرەتای کاروانی هونەریدان بەشێوەیەکی ناشارەزاییانە بێنە ناو مەیدانەکەوە و مەقام بڵێن و مەقامەکەیان تەنیا ناوێک بێت بەبێ ناوەڕۆک، بۆیە من زۆر بەوردی بەهەنگاوێکی ورد وردشتەوە خۆم لە مەقام دەدەم، چونکە وتنی مەقام چەندین مەرجی هەیە، بۆیە لەئێستادا ناتوانم بڵێم من مەقام بێژم، بەڵکو مەقامات قوتابخانەیەکی گەورەیە پێویستە هەموومان زۆر بەوردی کاری لەسەر بکەین.

**گوناهە ئەو کەسانەی کە لەسەرەتای کاروانی هونەریدان بەشێوەیەکی ناشارەزاییانە بێنە ناو مەیدانەکەوە و مەقام بڵێن**

*** مەهناز لەچ شتێك زۆر دەترسێت؟**

- ئەشق

*** جیاوازی ئازادی ئافرەت لەکوردستان لەگەڵ ئەوروپا چییە؟**

- بێگومان جیاوازی هەیە، بەڵام من دەڵێم ئەگەر ئافرەت خۆی زیرەک بێت، کوردستان و ئەوروپا هیچ جیاوازییەکی نابێت بۆ ئەو.

*** مەهناز چ ئافرەتێکی لا جوانە؟**

- هەموو ئافرەتێک جوانی خۆی هەیە، منیش شانازی بەکچ بوونی خۆمەوە دەکەم، چونکە بەبۆچوونی من هەموو جوانییەکانی ژیان لەڕووخسار و دەروونی ئافرەت ڕەنگ دەداتەوە.

*** ئایا پیاوت خۆشتر دەوێت یان گوڵ؟**

- هەردووک لەباخچەی ژیاندان و جوانی خۆیان هەیە، بۆیە هەریەکەیان لەکات و زەمەنێکدا پێویستن بۆ مرۆڤەکان.

*** لەڕووی ئەکادیمیەوە دەربارەی گۆرانی و موزیك هیچت خوێندووە؟**

-دیارە من لەئاوارەیی چاوم بەدونیا هەڵهێناوە، لەکامپ تەمەنەکانی منداڵیم بەرێ کردووە، چەند ساڵێکیش ژیانمان لەوڵاتی تورکیا بردۆتە سەر، ماوەی چەند ساڵێکیشە لەوڵاتی سوید دەژیم، بۆیە دەرفەتی ئەوەم بۆ نەڕەخساوە لەبواری هونەری گۆرانی و موزیک بخوێنم و ئەکادیمیانە بێمە بوارەکەوە، بەڵام ئەمە بەرنامەی داهاتووی ژیانمەو بەپێویستم زانیوە هەوڵی بۆ بدەم.